خەسارناسیی یاسایی دەستدرێژیی و توندوتیژیی سێکسی بۆ سەر منداڵان لە ناو خێزاندا

باسێک لەمەڕ بەرسازی زینا لەگەڵ مەحارم لە وڵاتی ئێراندا

کامیل ئەحمەدی[1]

توێژەر و مرۆڤناس، پسپۆڕی شێوازی تۆڕینەوە و ماستەری خەڵک‌ناسیی کۆمەڵایەتی، زانکۆی کێنت – ئینگلتەرا

پوختە

بە پیرۆززانینی ناوەندی بنەماڵە لە ناو کۆمەڵگای ئێران و هەروەها ئاراستەی ئایینی سیستەمی دەسەڵات و ئەو یاسا فیقهییانەی کە لە سەر بناغەی ئەم ئاراستە باڵادەستە دامەزراوە، ناهێڵێ بابەتە نائەخلاقییەکانی ناو ئەم ناوەندە (خانەوادە) ئاشکرا و ڕوون بکرێتەوە. هەر بۆیە بە پێی ئەم بۆچوونە مەحافزەکارانەوە توندوتیژی و دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر منداڵان لە لایەن مەحارمەوە ڕەت دەکرێتەوە و بەم شێوە پرۆسەی بەرهەمهێنانەوەی پرسەکە بەردەوام دەبێت. ئەم وتارە بە مەبەستی لێکۆڵینەوە لە سەر ئەو هۆکار و زەمینە یاساییانەی کە کاریگەریان لە سەر دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر منداڵان لە لایەن مەحارم لە ناو خێزاندا هەیە و هەروەها ناسینی یەکگرتوویی نێوان پێکهاتە یاسایی و ئایینییەکان لەگەڵ دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر منداڵان ئەنجام دراوە. پرسیاری بنچینەیی ئەوە بوو کە دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر منداڵان لە لایەن مەحارمەوە لە وڵاتی ئێراندا لە سەر چ بنەمایەکی یاساییە؟ زانیارییەکانی ئەم تۆڕینەوە بە بەکارهێنانی شێوازی داتابنیات لە ڕێگەی تەکنیکی دیمانەی نیمچە پێکهاتەیی لە کۆمەڵگەیەکدا بە دەست هات کە لە کەسانێک پێکهاتبوو کە لە تافی منداڵیدا دەستدرێژیی سێکسییان بەئەزموون کردووە. قەبارەی نمونەکە ۴۵۲ کەس بوو بە شێوەی نموونەگیریی تۆپەڵە بەفری و ئامانجدار بە پرۆسەی کۆدینگی شتراوس و کۆربین بە دەست هات. ئەنجامەکان ڕوونی دەکەنەوە: وتەزای دەستدرێژیی سێکسی وەک کارلێک یان واقیعێک لە لایەن خێزان و کۆمەڵگا و یاساوە هەستی پێناکرێ مەگەر ئەوەی لە ڕەهەندە هەمەچەشن و فرەچەشنەکانی قوڵ ببینەوە. هەروەها زاڵبوونی گوتاری ئەخلاقی و عورفی و ئایینی ڕێگە بە لێکدانەوەی لۆژیکی و بەڵگەدارانەی دیاردەی دەستدرێژیی سێکسی و ڕەهەندەکانی نادات. هەر

[1].http://kameelahmady.com & Kameel.ahmady@gmail.com

ئەم گوتاری ئەخلاقییە، دەستدرێژیی سێکسی وەک بێناموسی و بێئابڕوویی لە قەڵەم دەدا و وەک تاوانبار و گوناهبار سەیری کەسی دەستدرێژیکراو دەکا و دواجار شەرعییەت بە تاراندن و سەرکۆنەکردن و سزادانی کەسی دەستدرێژیکراو دەدات. بەو پێیەی کە ڕێژیمی ئێران، سروشتێکی ئایدیۆلۆژیکی هەیە ئامادە نییە لە قوتابخانە و سیستەمە پەروەردەییەکانی دیکە سەبارەت بە بابەتی سێسکی ڕاهێنان پێشکەشی قوتابییەکان بکا و بە تابۆ و بڤەی دەزانێت؛ هەر چەشنە باسێک لە مەڕ ئەم بابەتە ئیدانە دەکا و بە تاوان لە قەڵەمی دەدا کە ئەنجامی ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی میکانیزمی سەرکوت و نهێنیپارێزی چالاک بێت. بەشێک لە نهێنیپارێزیی کەسی دەستدرێژیکراو هەڵدەگەڕێتەوە بۆ ئایدۆلۆژیای پێکهاتەیی و بەشێکی دەچێتەوە سەر کارلێکە مەسڵەحەتییەکانی بنەماڵە. ئەو بیر و باوەڕە باوەی کە ڕێگری لە ئاشکراکردنی دەستدرێژیی سێکسی لە لایەن کەسانی دەستدرێژیکراوەوە دەکا بریتییە لە وتەزای ئابڕوو، قەزاوەت لە سەرکردن، سەرزەنشتکران، و کارلێکە مەسڵەحەتییەکانیش بریتین لە نکۆڵیکردن و قبووڵنەکردن، سزادان و تەمبێکردن، تاراندن و هەڕەشەلێکردن، سووکایەتی، گاڵتەپێکردن، جەنگ و شەڕ و گرژی و ... . ناتەواوییەکانی سیستەمی دادوەری، نەبوونی سیاسەت و بەرنامە و ڕێوشوێنی پشتیوانی لە قوربانیانی تووندوتیژیی سێکسی، منداڵهاوسەری، دیارینەکرانی تەمەنی منداڵی، هەڵاواردنی جێندەری کە باڵی بە سەر پێکهاتەی باوکسالاریی کۆمەڵگا و یاسادا کێشاوە و هەروەها پێکهاتەی ئابووری لە ڕێگەی گۆڕینی سزا بۆ سزای نەختی بە هاوقۆڵی لەگەڵ پێکهاتەی فەرهەنگی، گوتاری یاسایی لە سزای دەستدرێژیی سێکسی هەڵدەپەسێرێ و جیای دەکاتەوە کە ڕەنگە لە درێژەدا ئەم هەڵپەساردنە ببێتە زەمینەخۆشکەری بەردەوامیی زینا لەگەڵ مەحارم.

وشەی کلیلییەکان: خەسارەناسیی یاسایی، تووندوتیژیی سێکسی لە دژی منداڵان، بەرسازی زینا لەگەڵ مەحارم، یاساکانی ئێران.

١- دارشتنی پرسیار

دیاردەی دەستدرێژیی سێکسی لە دەیەی ١٩٨٠ زایینی سەرنجی هۆگرانی ئەم بوارەی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە و بە هۆی پەرەسەندن و کاریگەرییە بەرفراوانەکانی ئەم دیاردە، سەرنجی زۆرێک لە توێژەرانیشی بەرەو لای خۆی ڕاکێشاوە (گراب و ترنر، ٢٠١٢). تووندوتیژییە سێکسییەکان لە هەر کاتێکدا ڕوو بدەن بە هۆی ئەو زیانە تووندەی کە بە قوربانییەکەی دەگەیەنن، لە تووندوتیژییەکانی دیکە سەرنجڕاکێشترن بەڵام کاتێک ئەم زیانە لە ناو خێزان و

لە لایەن ئەو کەسانەوە ڕوو دەدا کە هاوخوێن و مەحرەمی کەسەکەن، زیانەکانی ئەم دەستدرێژییە سێکسییە دووقات دەبێتەوە. ئەم کرداڕە نەشیاو و نانۆرمە زۆر جار کپ دەکرێ و نادرکێنرێت. هەروەها لە هەندێک حاڵەتدا ئەگەر لەقاو بدرێ ئەوە بڕواپێکردن و سەلماندنی چەتوونە چونکە ویژدانی گشتیی کۆمەڵگا، خانەوادە بە ناوەندێکی گەرم دەزانێ کە لەم چەشنە زیانانە بێبەرییە (زارعی، ٢٠١٦). لە هەمان کاتدا بەو پێیەی کە زۆر جار و بەتایبەت لە ناو کۆمەڵگای ئێراندا بە هۆی ئەو ئاراستە ئایینییە زاڵ و باڵادەستە، خێزان هەمیشە وەک ناوەندێکی پیرۆز تەماشا کراوە، ڕوونکردنەوەی دەستدرێژیی سێسکی لە لایەن ئەم ناوەندەوە، وەک پیرۆزیسڕینەوە سەیر دەکرێ و لە زەینییەتی کۆمەڵگادا قێزەونە و لە ئەنجامدا حاشای لێ دەکرێت. کەواتە پێویستە پەیوەندیی نێوان پێکهاتەی یاسایی و پێکهاتەی ئایینی بخرێتە بەر تیشکی چالنج و ڕەخنەوە.

لە پێکهاتەی فەرهەنگی و یاسایی کۆمەڵگای ئێراندا، کەسی دەستدرێژیکراو وەک کەسێکی ئاسایی یان تەنانەت قوربانی لێی ناڕوانرێ، بەڵکوو وەک کەسێکی چەوت و تاوانبار دەناسرێت. ئەم ڕۆسە وێڕای ئەوەی بە ناوە نیتکە لێنان، دیسان ستەم لە قوربانیی دەستدرێژیی سێکسی دەکاتەوە، هەمیشە وەک تاوانباڕێک کە گوناحێکی لێ وەشابێتەوە سەیری دەکا و تاوانباڕێک کە دەبێ لە بەردەم یاسادا لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکرێت. ئەم شێوە گوتاری یاساییە کە شەرعێتیی خۆی لە گوتاری باڵادەست وەردەگرێ بە هاوپشتی لەگەڵ داب و نەریت و فەرهەنگ و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی زەمینە بۆ ستەمی دووقات لە قوربانی خۆش دەکات. نکۆڵی و تاراندنی کەسی قوربانی، قوربانی لە داپەڕ و ڕێوشوێنی پشتیوانیی خۆبەخشانە و چارەسەر و هەروەها خزمەتگوزاریی پەروەراندنەوەی حکومی و ناحکومی بێبەش دەکات (ایروانیان، ١٣٨٩). چونکە بۆ تاراندنی قوربانیی دەستدرێژیی سێکسی سوود لە گوتاری ئایینی و ئەخلاقی وەردەگیرێ و بە پێی ئەم گوتارە ئەمانە تاوانبارن و تاوانبارەکان دەبێ سزا بدرێن. لە هەمان کاتدا، حکومەتی ئێران بە هۆی سروشتە ئایدیۆلۆژیکییەکەیەوە، نە لە قوتابخانە و نە لە سیستمە پەروەردەییەکانی دیکە ئامادە نییە ڕاهێنانی بابەتی سێکسی پێشکەش بکا و ئەمە بە تابۆ و بڤە دەزانێ و هەر چەشنە باسێک سەبارەت بەمە ئیدانە دەکا کە ئەنجامی ئەمەش دەبێتەوە کاراکردنەوەی میکانیزمی سەرکوتکردن و لە هەمان کاتدا هاندان و وروژاندن بەتایبەت لە قۆناغێکی وەکوو تافی منداڵی و مێرمنداڵی کە ئارەزووی سێکسی زۆرە؛ قسەیەک کە نابێ لە ناو جەماور و بە ئاشکرا بدرکێنرێ بە نهێنی و لە مێشکدا دەوروژێنرێت. ئەمەش پێچەوانەی ئەو شێوازانەیە کە لە زۆرێک لە وڵاتاندا هەیە و لە لایەن بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکانەوە دانیان پێدا نراوە. ڕاهێنانی سێکسی، وێڕای بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی منداڵان سەبارەت بە بابەتی سێکس، فێری

شێواز و تەکنیکەکانی خۆپارێزیشیان دەکات؛ بەڵام منداڵان بە هۆی ئەوەی لە ئێراندا بە شێوەی سیستماتیک دەستیان بەو ڕاهێنانانە ناگا و لە ئەنجامی ئەمەدا شارەزایی و ئاگاییان (بەتایبەت منداڵانی ناوچە دوورەدەستەکان و منداڵانی هەژاری ئێران) دەست ناکەوێ، زیاتر تووشی دەستدرێژیی سێکسی و تووندوتیژی دەبنەوە. کەمیی مەعریفە و توانای منداڵان؛ بەرهەم و لێکەوتەی ئایدیۆلۆژیای داخراوی ئایینیی سیستەمی دەسەڵات لە کۆمەڵگەی ئێرانە و بەو پێیەی کە ئەو یاسایانەی کە لە بواری دەستدرێژیی سێکسی و پشتیوانی لە دەستدرێژیکراوان پەسەند کراون و هەروەها ئەو ڕێکخراوانەی کە لە جێبەجێکردنی ئەو یاسایانەدا بەشدارن، وابەستەی ئەم پێکهاتە ئایدیۆلۆژیکی و ئەمنییانەن کە پێویستە پێداچوونەوەیان پێدا بکرێتەوە، چونکە ئەم ڕێکخراوانە خۆیان کێشەی پێکهاتەیی هەمەچەشنی وەکوو ناوڕێکخراوەیی و دەرەوەڕێکخراوەییان هەیە و ئەمانە لەم بوارەدا کۆسپ و تەگەرەی زۆر لەبەر دەمیانە کە ناتوانن کاردا باشەکانیان ڕاپەڕێنن. یەکێک لە کێشە پێکهاتەییەکانی ناوڕێکخراوی بریتییە لە کەمیی مووچە و شایستە پاڵپشتییەکانی ئەو هێزە مرۆییەی کە لەوانەدا کار دەکەن و هەروەها ئەو سیستەمە بیرۆکراسییە دەست و پاگیرەی کە باڵی بە سەر پانتای ناوڕێکخراویدا کێشاوە. کێشەی دەرەوەڕێکخراوەیش بریتییە لە هاوتەریبکاری و بەریەککەوتنی ئەرک و بەرپرسایەتییەکانی ئەم ڕێکخراوانە لەگەڵ یەکتر و ئەو ئیمکانیات و گوژمانەی کە لە لایەن دەوڵەتەوە تەرخان دەکرێت. هۆکارەکانی دیکە بریتین لە پرسە زەمینەیی و گەشەییەکانی وەکوو سیاسەتەکانی خۆشبژێویی کۆمەڵایەتی، دەستەبەریی کۆمەڵایەتی، تەندروستی، پەروەردە، پەراوێزنشینی، پرسە سێکسییەکان و ... . بە هۆی نەبوون و لاوازیی ئەم سیاسەتە زەمینەییانەوە ئێمە شاهیدی پەرەسەندنی پرسی دەستدرێژیی سێکسی و زینا لەگەڵ مەحارم لە ناو دڵی بنیاتی بنەماڵەین و هەروەها دەبینین ئەو یاسایانەشی کە بۆ ئەم مەبەستە پەسەند کراون بێکاریگەرن یان کاریگەرییان کەمترە، و هەروەها لە بواری جێبەجێکردنی ئەم یاسایانەدا ڕووبەڕووی چالنجی زێدەتر دەبینەوە.

لە لایەکی دیکەوە، فەرهەنگ و فیقهی ئیسلامی کە لە یاساکانی ئێستای ئێراندا چەسپاوە، بۆتە بەربەستی بەردەم ئاشکراکردنی ڕووداوی دەستدرێژی، پێکهاتەیەک کە بۆ سەلماندنی دەستدرێژی و دادخوازی پێویستی بە چوار شایەتحاڵی دادپەروەرە و ئەگەر چوار شایەتحاڵ جێبەجێ نەبوو ئەوا کەسی قوربانی (دەستدرێژیکراو) بە تاوانبار، گوناحبار و خەتاکار تۆمەتبار دەکرێ و پێویستە لە لایەن دامەزراوە پەیوەندیدارەکانەوە سزا بدرێت؛ ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی قوربانییەکە نکۆڵی لە دەستدرێژییەکە بکا و نەیدرکێنێ و ئەمەش لە حاڵەتێکدایە کە دەستدرێژییەکە لە شوێنێکدا ڕوو دەدا کە لە ژێر کۆنترۆڵ و چاودێریی خەڵک دەرچووە و هەر ئەم تایبەتمەندیی دووربوون لە ژێر چاودێریی کۆمەڵایەتی و نەبوونی شایەتحاڵەیە کە سەلماندنی دەستدرێژییەکە ئەستەم دەکا و ئەگەر دەستدرێژکار کەسی مەحرەم بێ و تاوانەکەش بسەلمێنرێ، ئەوە لە سەر بنەمای فیقهـ سزای سێدارە بۆ ئەندامی خێزانەکە دەردەچێ (کە دەستدرێژیکارە) کە ئەمە ئاستەنگی بەر دەم درکاندنی دەستدرێژیی سێکسییە. هەر بۆیە

زەمینە بۆ توندوتیژی دژی منداڵان بەتایبەت توندوتیژیی سێکسی لەبارە و لە لایەکی دیکەشەوە نەبوونی پشتیوانیی کاریگەر، نەبوونی پەروەردەی سێکسی لە قوتابخانەکان و ڕێکخراوەکانی تر و ئەو ناوناتۆرە کۆمەڵایەتییەی کە بە هۆی ئەم دیاردەوە لە ناو کۆمەڵگادا دێتە ئاراوە، هەروەها ناکارامەیی یاساکانی ئێستا؛ لێکدانەوەی ئەم پرسە دوو هێندە پێویست و زەرووری دەکات. لە سەر ئاستی کەڵان، پێویستە سیاسەتی دروست لە سەر بنەمای دۆزینەوەی زانستی و بۆچوونی پسپۆڕان و شارەزایان و تەنانەت کەسانی دەستدرێژیکراویش دابنرێ، دەنا شایەدی تەشەنەکردن و بەردەوامیی هەرچی زیاتری دەستدرێژیی سێکسی و تەنانەت لە هەندێک حاڵەتیشدا سزای قوربانییەکان و دەستدرێژیکراوان دەبینەوە. بۆ بەدیهێنانی ئەمە، ئەم پرسیارەی خوارەوە بە کەڵک وەرگرتن لە گڵاڵەی چۆنایەتی و لێکۆڵینەوەی مەیدانی دەخرێتە بەر تیشکی لێکدانەوە: لە وڵاتی ئێراندا دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر منداڵان لە لایەن کەسانی مەحرەمەوە لە سەر چ بەستێنێکی یاسایی دروست دەبێت؟

٢. شێوازناسی

بۆ وەڵامی ئەو پرسیارەی کە لە دارشتنی پرسیارەکەدا گەڵاڵە کرا پێویستمان بە بەڵگە و داتای ئەزموونییە. ناسینی ئەم دیاردە لە لایەک پێویستی بە بەدەستهێنانی متمانەی دەستدرێژیکراوان و دەستدرێژیکارانە و لە لایەکی دیکەوە پێویستی بە ئاشنابوون لەگەڵ ئەو تێڕوانین و مانایانەیە کە ئەو کەسانە لە ئەزموونیاندا هەیانە. لە شێوازی چۆنایەتی و بەتایبەت لە شێوازی توێژینەوەیی گرِەندد تیۆری ئەم جۆرە تایبەتمەندییانە بوونیان هەیە و بە کورتی پێی دەوترێ GT. کۆمەڵگەی بەرلێکۆڵینەوەی ئەم توێژینەوە ئەو کەسانەن کە لە تافی منداڵیدا یەکێک لە جۆرەکانی دەستدرێژیی سێکسییان بە ئەزموون کردووە؛ واتە ئەو کەسانەی کە لە تەمەنی کەمتر لە ١٨ ساڵ دەستدرێژیی سێکسی کراوەتە سەریان. قەبارەی نموونەی دیمانەلەگەڵکراوان ٤٥٢ کەس و شێوازی نمونەگیرییەکە بە شێوەی تۆپەڵە بەفری و ئامانجدار بوو. هەروەها کەڵکمان لە تۆرِە کۆمەڵایەتییەکان و ژووری گفتوگۆ وەرگرت بۆ ئەوەی کەسانی دەستدرێژیکراو بدۆزرێنەوە و دیمانەیان لەگەڵدا بکرێت. بە بەکارهێنانی شێوازی نموونەگیریی ئامانجدار، هەندێک لەو کەسانەی کە ئەزموون یان زانیاریی تایبەتیان هەبوو، سوودمان لێ وەرگرتن. بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکانی توێژینەوە، تەکنیکی دیمانەی نیمچەپێکهاتەیی بە کار هێنرا و بۆ شیکاریی داتاکان پرۆسەی کۆدینگی شتراوس و کۆربینمان بەکار هێنا.

٣. پێشینەی توێژینەوە: جۆرناسیی یاسایی و عورفی توندوتیژیی سێکسی

بە پێی توێژینەوە ئەنجامدراوەکان، توندوتیژی لە سۆنگەی فەرهەنگییەوە دیاری دەکرێ و لە هەندێک حاڵەتدا یاساش پێوەریەتی. ڕەنگە هەندێک کەس زیان بە کەسانی دیکە بگەیێنن، بەڵام بە پێی پێشزەمینە فەرهەنگی و بیروباوەڕەکانیان، کردەوەکەی خۆیان وەک توندوتیژیی سەیر نەکەن. بۆ نموونە لە پەیوەندیی ژن و مێردیدا، لەوانەیە پەیوەندیی سێکسی پیاو لەگەڵ ژنەکەی لە حاڵەتێکدا بێ کە ژنە نەیەوێ سێکس بکا بەڵام دیسانیش پەیوەندییە سێکسییەکەیان نەک هەر وەک توندوتیژیی سێکسی لە قەڵەم نادرێ بەڵکوو لە ڕووی فەرهەنگی و تەنانەت لە ڕووی یاساییشەوە ڕەوا و قبووڵکراوە، وەک لە یاساکانی ئێستای ئێراندا باس لە ملکەجی یان ملکەجنەبوونی ژن کراوە. یان منداڵهاوسەری بە گوێرەی بیر و باوەڕی هەندێک لە کۆمەڵگا و یاسادانەران، نەک هەر بە کردەوەیەکی زیانبەخش نازانرێ، بەڵکوو لە ڕووی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەوە پەسەندکراوە و لە ڕووی یاساییەوە ڕەوایە، لە کاتێکدا بە گوێرەی ئەنجامە توێژینەوەییەکان و پێناسە بایەخدارەکانی ناوەندە جیهانییەکان منداڵهاوسەری زیانی زۆرە و ئەو پەیوەندییە سێکسیەی کە تێیدا ڕوو دەدا وەک جۆرێک لە دەستدرێژیی سێکسی پێناسە دەکرێت.

لاوازییەکانی سیستەمی دادوەری و نەبوونی سیاسەت، بەرنامە و ڕێوشوێنی پشتیوانی لە قوربانیانی توندوتیژیی سێکسی لەو کێشانەن کە زۆرێک لە توێژەران لە لێکۆڵینەوەکانیاندا ئاماژەیان پێ کردووە. ئادێلسۆن بە پێداچوونەوە بە زیاتر لە ٨٠ توێژینەوەی پەیوەندیدار بە ئەزموونی توندوتیژیی خێزانی لە دژی منداڵان، کێشەی ئەو منداڵانەی کە شایەتحاڵی ئەزموونی توندوتیژیی خێزانین بۆ سەر سێ بەشی سەرەکی پۆلێنبەندی کردووە: ١- کێشە کارکردییە ڕەفتاری و سۆزداریەکان، ٢- پرسی ڕوانگە و کارکردی مەعریفی و ٣. پرسەکانی کارکردی جەستەیی (ادلسون، ١٩٩٩).

دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر منداڵان واتە ناچارکردن یان هەڵخەڵەتاندنی منداڵان بۆ بەشداریکردن لە چالاکییە سێکسییەکان (کە مەرج نییە هەمیشە توندوتیژی لەگەڵدا بێت)، جا چ منداڵەکە ئاگاداری بێ کە چی ڕوو دەدا یان ئاگادار نەبێ کە چی دەکەوێتەوە. سەبارەت بە دەستدرێژیکردنە سەر منداڵان لە ناو ژینگەی خێزاندا پێناسەیەکی یەکدەستمان نییە. بەڵام منداڵ جگە لە ئازاردرانی لە لایەن کەس و کاری واتە دایک و باوک، خوشک، برا یان خاڵۆی، لەوانەیە کەڵکاوەژۆیی و دەستدرێژییەکە لە لایەن کەسێکی نزیک لە منداڵەکەوە بە شێوەیەکی تر ڕوو بدا وەکوو زەڕدایک و زەڕباوکی منداڵەکە، هاوڕێیان، ئەندامانی خێزان یان چاودێری منداڵان

(پرتال رویه آنلاین[1]). به پێی پێناسەی رێکخراوی تەندروستیی جیهانی[2]، توندوتیژی دژی منداڵان هەموو جۆرەکانی توندوتیژی دژی کەسانی خوار تەمەنی ١٨ ساڵ دەگرێتەوە. ئەم توندوتیژییانە بریتین لە ڕفتاری خراپ لەگەڵ منداڵان لە ڕووی جەستەیی و سۆزداری و سێکسی و پشتگوێخرانی منداڵ لە لایەن دایک و باوک و دیکەی ئەو کەسانەی کە بەرپرسی منداڵەکەن (پۆرتاڵی ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی).

سیگل لە جۆرناسی و پێناسەی دیاردەی توندوتیژیی سێکسی و دەستدرێژیی سێکسی، سەرەتا پێناسە یاساییەکەی دەقۆزێتەوە. لە یاسای عورفیدا دەستدرێژیی سێکسی بریتییە لە "پەیوەندیی سێکسی لەگەڵ ژنێک بە شێوەی ناچاری و بە پێچەوانەی ویستی ئەو". سەبارەت بە شێوە و جۆرەکانی دەستدرێژیی سێکسی و دەستدرێژیکاران، سیگل پێی وایە هەندێک لە دەستدرێژییەکان پلانیان بۆ دارێژراوە، هەندێکی دیکەیان خۆوروژاون، هەندێکیان سەرنجیان لە سەر قوربانییەکی دیاریکراو چڕ دەکەنەوە و هەندێکیشیان لەگەڵ تاوانی دیکەدا ڕوو دەدەن. هەندێک لە دەستدرێژیکارانی سێکسی یەک تاوان ئەنجام دەدەن و هەندێکی تریش چەندین تاوان ئەنجام دەدەن و هەندێکی دیکەش وەک گروپ یان باند ئەم کارە ئەنجام دەدەن. هەندێکیان لە دژی نێچیرەکەیان هێزی زەبر بە کار دەهێنن و هەندێکی تر بە بەکارهێنانی مادە هۆشبەرەکان یان کحۆل نێچیرەکەیان بێهێز دەکەن و ئامانجەکەیان دەپێکن. لەبەر ئەوەی یەک جۆر دەستدرێژی یان دەستدرێژیی سێکسی بوونی نییە، تاواناسان هەوڵیان داوە جۆرەها بارودۆخی دەستدرێژیی سێکسی پێناسە و پۆلێنبەندی بکەن. یەکێک لە باشترین پۆلێنبەندییەکانی دەستدرێژیی سێکسی لە لایەن نیکۆلاس گرۆس خراوەتە ڕوو. بە گوێرەی بۆچوونی گرۆس، هەر چەشنە دەستدرێژییەک لانیکەم یەکێک لەم توخمانە لە خۆ دەگرێ: تووڕەیی، هێز و دەستدرێژیکاری. لە پۆلێنبەندیی گرۆسدا، جۆرەکانی دەستدرێژیی سێکسی بریتین لە: ١. دەستدرێژیی بەکۆمەڵ، ٢. دەستدرێژیی زنجیرەیی، ٣. دەستدرێژی بۆ سەر کەسی ناسیاو کە قوربانییەکە دەناسێ، وەکوو ئەندامانی خێزان و هاوڕێکان، دەستدرێژیی سێکسی لە ماوەی دۆستایەتی کە ئەویش دەچێتە ڕیزی دەستدرێژیی سێکسی کە بریتییە پەلاماری سێکسی لە ماوەی ئاشنایەتیدا. بە هەمان شێوە لەم تاقمەدا زینا لەگەڵ منداڵان یان لەگەڵ مەحارم زینایەکە کە تێیدا قوربانییەکە نەگەیشتووەتە تەمەنی یاسایی و دەستدرێژیی ژن و مێردی، سێکسی ناچاری نێوان ئەو کەسانەیە کە بە شێوەی یاسایی هاوسەرگیریان کردووە. بە وتەی سیگڵ، دەستەواژەی دەستدرێژیکردنە سەر منداڵ یان مەحارم ئاماژە بۆ پەیوەندیی سێکسی نێوان منداڵێکی خوار تەمەنی یاسایی و گەورەساڵێک دەکات. هەرچەندە ڕەنگە پەیوەندییە سێکسییەکە بە زۆرەملێیی نەکرێ، بەڵام بەو پێیەی کە بە گوێرەی یاسا منداڵانی کەمتەمەن توانای ڕەزامەندیی ئاگادارانەیان نییە، کەواتە بە پێی یاسا وەک کارێک

[1]. proceduresonline

[2] .The World Health Organization

سەیر دەکرێ کە لە سەر بنەمای ڕەزامەندی نییە، ٤- دەستدرێژیی سێکسی لە ناو هاوڕێیان، ٥- دەستدرێژیی سێکسی لە ناو ژینگەی زانکۆ، ٦- دەستدرێژیی سێکسی بە فێڵ، ٧- دەستدرێژیی سێکسی لە ناو کووچە و کۆڵان (سیگل، ٢٠١٥).

بڕاون[1] لە پۆلێنکردنی جۆرەکانی تووندوتیژی چەمکی لایەن (سپێکترۆم) بەکا دەبات. ناوبراو بۆ ڕوونکردنەوەی تێکەڵبوونی تووندوتیژییە سێکسییەکان لێکچوونی ڕەنگەکانی بە کار هێناوە، چونکە نابێ وەک ڕەهەندی سەربەخۆ یان جۆری دەگمەن لێیان بڕوانین، ئەوان لێک جیاوازن بەڵام سەریەککەوتنی بەرچاویان هەیە (بڕاون، ٢٠١١: ١٧١).

٤. چاوخشاندنێک بە سەر پێکهاتەی یاسایی ناکارامە و بۆشایی یاسا هەنووکەییەکانی ئێران

هەتا بەر لە پەسەندکردنی یاسای پشتیوانی لە منداڵان و مێرمنداڵان لە ١٣٩٩/٠٢/٢٣ هەتاوی، هیچ یاسایەکی دیاریکراو سەبارەت بە پشتیوانی لە منداڵانی قوربانیی دەستدرێژیی سێکسی و سزادانی دەستدرێژیکار[2] و تەنانەت پاڵپشتی لە منداڵان و مێرمنداڵان بۆ ڕێگری لە دووبارەبوونەوەی تاوانی لەم چەشنە هیچ یاسایەک لە گۆڕا نەبوو، بەڵام پەسەندکردنی ئەم یاسایە هەندێک لە کەلێنەکان پڕ کردەوە. هەتا بەر لەو کاتە بنەمای مامەڵەکردن لەگەڵ دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر منداڵان، بەتایبەت لە جۆری دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر مەحارم، یاسای سزادانی ئیسلامی بوو، بەڵام هێشتا سەبارەت بە جێبەجێکردنی ئەم یاسایە لە لایەن کارگێڕە پابەندەکانەوە تێڕامان و نیگەرانی لە ئارادایە و بۆ دڵنیابوون لە جێبەجێکرانی ئەو یاسایانە لە لایەن کارگێڕە پابەندەکانەوە هەمیشە چاودێریکردن بە سەر کەرتی تایبەت و ڕێکخراوە جەماوەرییەکان (NGO) بابەتێکی پێویستە.

لە یاسا جیاجیاکانی ئێراندا، بە پێی بابەت یان تەمەن، هیچ یاسایەکی تایبەت بۆ منداڵان ڕەچاو نەکراوە، بۆ نموونە بۆ ناونانی قۆناغی منداڵی سێ وشەی ساوا، منداڵ و مێرمنداڵ بە کار دەبرێ کە ئەمەش نیشانەی نەبوونی یەکدەنگی لە نێوان یاسادانەرانی ئەم بوارەیە. نەبوونی سنووریکی ڕوون لە نێوان ئەم قۆناغانە (ساوا، منداڵ و مێرمنداڵ) وای کردووە کە لە پرسی دەستدرێژیی سێکسیی زینا لەگەڵ مەحارم پرس و کێشەی نوێ و ڕەهەندی

1 - Brown

٢ - ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەی مالجو دەریدەخا کە دەزگای داد سەبارەت بە پرسی دەستدرێژیی سێکسیی باوک بۆ سەر کچ بەوەی کە سەرپەرشتیاریی لە باوک دەستێنێتەوە و هەروەها دیاریکردنی سزا بۆ دەستدرێژیکار ناکارامەیە. لە زۆربەی حاڵەتەکانی دەستدرێژیی سێکسیدا، تەنانەت ئەگەر دەستدرێژیش ڕووی دابێ، دەستدرێژیکارەکان بە بێتاوان دەردەچن و ڕزگار دەکرێن (مالجو، ١٣٨٩ هەتاوی).

تازه دروست ببێت. چونکه دیاردەی منداڵی لە ڕووی سروشت و پێکهاتەوە لەگەڵ دیاردەی مێرمنداڵی فەرقی هەیە و وەکیەک سەیرکردنی ئەو دووانە دەبێتە هۆی ئەوەی کە لە پرسی دەستدرێژیی سێکسی لە لایەن مەحارمەوە سیاسەتی مامەڵەکردن وەکوو یەک بێ و جگە تووندتربوونی کێشە و دەرکەوتنی ڕەهەندە نوێکانی ئەم دیاردە هیچی دیکەی لێ سەوز نەبێت.

لە یاسای سزادانی ئیسلامی و یاسای پاڵپشتیی لە منداڵان و مێرمنداڵان کە تایبەتە بە پرسی دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر منداڵان، پرسی سزادانە. لەم یاسایەدا، تەمەنی منداڵ بە ١٥ ساڵ دیاری کراوە. لە مادەی ٢٢١دا هاتووە کە "زینا بریتییە لە پەیوەندیی سێکسی نێوان ژن و پیاوێک کە هاوسەرگیرییان نەکردووە و جێی گومان نەبێت". لە تێبینیی ٢ی هەمان مادەدا هاتووە "کاتێک هەر دوو لایەن یان یەکێکیان منداڵی پێنەگەیشتوو و نابالّق بێ، ئەوە زینا ڕووی داوە بەڵام کەسی نابالّق سزا نادرێ و بە ڕێوشوێنی دابینکردنانە و پەروەردەییانە کە لە کتێبی یەکەمی ئەم بابەتەدا دیاری کراون حوکم دەدرێت". لە مادەی ٢٢٤دا سزای زینادا لە هەندێک حاڵەتدا سێدارەیە، وەکوو زیناکردن لەگەڵ مەحرەمە خوێنییەکان (سەبەبی). هەروەها لە مادەی ٩١ی یاساکەدا هاتووە کە "زینا بە شایەتیی چوار پیاوی دادپەروەر یان سێ پیاوی دادپەروەر لەگەڵ دوو ژنی دادپەروەر دەسەلمێنرێت. جا چ ببێتە هۆی سزای لێدان یان سزای بەردبارانکردن" ئەم یاسایە گیر و گرفتی زۆرە بۆ وێنە تەمەنی منداڵی بە ١٥ ساڵ دیاری کردووە لە کاتێکدا بە پێی زۆرێک لە بەڵگە نێودەوڵەتییەکان کە ئێرانیش ئەندامی هەندێکیانە، تەمەنی منداڵی ١٨ ساڵانە. دووەم ئەوەی کە سەپاندنی سزای سێدارە لەم حاڵەتانەدا نەک هەر نەبۆتە هۆی ڕێگری، بەڵکوو دژی کەرامەتی مرۆییشە و پێویستە دادپەروەریی چاکسازی ببێتە بەدیلی ئەم یاسایە. پرسە گرینگترەکە سەلماندنی پرسی زینا لەگەڵ مەحارمە. بەڵگە مێژوویییەکان دەریدەخەن کە هەندێک جار ئەوە کچۆڵە قوربانییەکانی دەستدرێژین کە بە تاوانبار دەناسرێن.

لە یاسای پاڵپشتی لە مافەکانی منداڵان و مێرمنداڵاندا، ئەم بابەتە لە شێوەی زینادا باس نەکراوە، بەڵکوو لە بابەتگەلێکی وەکوو دەستدرێژیی سێکسی، لەشفرۆشی، سووکی، وروژێنەری سێکسی، مەترسیی زۆر و

پۆرنۆگرافی باس کراوە، بە جۆرێک کە هەر چەشنە دەستدرێژی‌کردنە سەر منداڵ لەم حاڵەتانەی سەرەوەدا دەبێتە هۆی دەستێوەردان. لە دەستپێکی ئەم یاسادا چەمکگەلێکی زۆر ناڕوون لە بواری تافی منداڵیدا بەدی دەکەین. بۆ نموونە لە پێناسەی منداڵدا هاتووە کە "هەر کەسێک کە نەگەیشتبێتە تەمەنی باڵقبوونی شەرعی". ئەگەر مەبەست لە تەمەنی شەرعی، تەمەنی ٩ ساڵ بۆ کچان و ١٥ ساڵ بۆ کوڕان بێ، ئەوا شاهیدی هەڵاواردنی ڕەگەزێتین (جێندەری). پێناسەی مێرمنداڵیش بەم شێوەیە: "هەر کەسێک کە لە خوار تەمەنی ١٨ ساڵی هەتاوی بە تەمەنی باڵقبوونی شەرعی گەیشتبێت". ئەوەی کە یاسا لە سەر بنەمای ئەم شەرعە دامەزراوە کێشەی بنەڕەتی هەیە. هەروەها لە مادەی ٢دا هاتووە: "هەموو ئەو کەسانەی کە تەمەنیان نەگەیشتووەتە هەژدە ساڵانی هەتاوی، ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە" بەڵام تەمەنی منداڵی بە وردی پێناسە نەکراوە و لەم بوارەدا چەندین ناوی ناڕوون هەیە. لە درێژەدا هەموو جۆرەکانی سزا بۆ کەسانی دەستدرێژیکار و ئازاردەر و ئینجا شێوازی پشتیوانی لە کەسانی دەستدرێژیکراو دیاری کراوە. سەرەڕای ئەوەی ئەم یاسایە لە چاو یاساکانی دیکە لەم بارەوە پێشکەوتووترە بەڵام هێشتا لە سۆنگەی پێناسەکانی ئەم بوارە کێشەی زۆرە.

٥ - هەندێک لە داتا مەیدانییەکان

ئێستا ڕوانگەی بەشداربووان سەبارەت بەم یاسایە لێک دەدرێتەوە. ئەم ڕوانگانە پیشاندەری یاساکانی ئێستای ئێران نییە، بەڵام بەو پێیەی کە ئەوان چ بۆچوون و ئاراستەیەکی فیکریان سەبارەت یاساکانی دەستدرێژیکردنە سەر منداڵان هەیە، سەرنجڕاکێشە. بە پێداچوونەوە و پۆلێنبەندیی ڕوانگەی بەشداربووان، سێ تەوەری بنەڕەتی لەم بوارەدا دەستنیشان کراون، کە بریتین لە: ١- نەبوونی پاڵپشتیی یاسایی، ٢- جێبەجێنەکردنی برگە یاساییەکان، ٣- پێگەی پیاوسالاری لە ناو یاسا. هەندێک لە بەشداربووان پێیان وایە کە هیچ یاسایەکی تایبەت

لە بواری پاڵپشتی لە منداڵانی قوربانیی دەستدرێژیی سێکسیدا لە ئێراندا بوونی نییە[1]. خاتوو ئیسماعیلی مامۆستا و ڕاهێنەری نیگارکێشی لە هەندێ لە ڕێکخراوی ناحکومییەکاندا وتوویەتی:

لە دۆسیەکەی تووسیدا بۆمان دەرکەوت لەم وڵاتەدا هیچ یاسایەک بوونی نییە.

خاتوو ئیسماعیلی ئاماژە بە بەڕێز سەعید تووسی قورئانخوێنی بەناوبانگ دەکا کە بەوە تۆمەتبار کراوە کە دەستدرێژیی سێکسی کردۆتە سەر کۆمەڵێ لە قوتابییەکانی. سەرەڕای ئاشکرابوونی ئەم دۆسیە و سکاڵاکردنی چەندین جارەی دایک و باوکەکانیان، تووسی ئازاد کرا. زۆرێک لە بەڵگەکان دەریدەخەن کە "لە پرۆسەی دادوەریی دا دەستێورەدان" کراوە . کاک شەعری دامەزرێنەر و سەرۆکی کۆمەڵەی ئایدزی ئێران وتی:

لە کتێبی نەخۆشییە دەروونییەکان یان DSM کە بۆ پۆلێنبەندی نەخۆشییە دەروونییەکان تەرخان کراوە، پۆلێنبەندیی جیاوازی هەیە کە منداڵئازاریی منداڵان لە هەموو جیهاندا جگە لە ئێران بە تاوان ناسراوە و ئێستاش ئەوە سەیرە کە ئەمە لە ئێراندا بە تاوان لە قەڵەم نەدراوە. شتێک کە سەبارەت بە دەستدرێژیکردنە سەر منداڵانە و زۆر گرینگە کە من پێی دەڵێم پێدۆفیلیا شتێک کە زۆر باو و ئاساییە یەکەم ئەوەی کە ئەو حاڵەتانەی کە ڕادەگەیێنرێن لەو حاڵەتانەی کە لە ڕاستیدا ڕوویان داوە زۆر جیاوازن. زۆرێک لەوانە بە هیچ شێوەیەک ڕاپۆرت ناکرێ و نزیکەی ٧٠ لە سەدیان بە هیچ شێوەیەک لەم جۆرە حاڵەتانەدا ڕاپۆرت ناکرێت.

خاتوو مەحموودی، پسپۆڕی دەروونناس لە شاری سنە وێڕای ئاماژە بە ئەستەمیی و تەنانەت ناومکینیی سەلماندنی دەستدرێژیی سێکسی لە ناوەندە یاساییەکان وتی:

کەیسێکم هەبوو خوازبێنی بووە و نەیویستووە هاوسەرگیری بکا، چونکە پوورزاکەی (خوشکەزای دایکی) لەگەڵ سێ کەس لە هاوڕێکانی شەوانە دەچن پەلاماری دەدەن. ئیتر هاتە لام و منیش بە تەلەفۆن قسەم لەگەڵ دەستدرێژکارەکە کرد. پێم وت من لە ناوەندە یاساییەکان بەدواداچوونی بۆ دەکەم. وتی ئەگەر بیسەلێنی کە من پەلامارم داوە لە خزمەتدام و قسەکەشی ڕاست بوو چونکە دەیتوانی بڵێ دۆستم بووە و منیش بە ڕەزامەندیی ئەو سەرجێییم لەگەڵ کردووە. دەزانی چۆنە لە ئێران یاسایەک نییە بەرگری لە دەستدرێژیکراوان بکا، هیچ پەناگەیەک نییە.

بەڕێز ڕیازەتی (پارێزەر) وێڕای ئاماژە بە کەموکوڕییەکانی یاسا لە بواری دەستدرێژیکردنە سەر منداڵان و ئەو پێشکەوتنانەی کە لە یاساکەدا بەدەست هاتوون، وتی: یەکێک لە کەموکوڕییە گەورەکانی یاسا، دیارینەکردنی سزای کاریگەر بۆ باوک و باپیرانی بکوژە کە ڕەگ و ڕیشەی ئەمە دەچێتەوە سەر تێگەیشتنی هەڵە لە فیقهـ، بە

[1] - بەو پێیەی کە لەم دواییانەدا یاسای داکۆکی لە منداڵان و مێرمنداڵان پەسەند کراوە، ئەوە سروشتییە کە کەسانی بەردیمانە کە لە ساڵی ١٣٩٩ هەتاوی دیمانەیان لەگەڵ کرا، لە بوونی ئەو جۆرە یاسایانە ئاگادار نەبن. لە کردەوەشدا ڕێکار و میکانیزمی گونجاو بۆ جێبەجێکردنی یاساکان دانەڕێژراوە و جێبەجێ نەکراوە و زۆر جار یاساکانیش جێبەجێ ناکرێن.

شێوەیەک کە ئەگەر باوک منداڵەکەی خۆی بکوژێ، هیچ سزایەکی کاریگەر بۆ ئەو دانانرێ کە ئەمەش نیشانەی دەسەڵاتی پیاوسالاری لە یاساکانی ئێرانە و ڕەگ و ڕیشەی دەگەڕێتەوە بۆ فیقهـ. بە وتەی بەڕێز ڕیازەتی لە پرۆژەیاسای پاڵپشتیی لە منداڵان و مێرمنداڵان کە لە ئێستاشدا بووەتە یاسا پێشکەوتنی بەرچاو لە بواری پاراستنی مافەکانی منداڵاندا بەدی هاتووە:

لە یاسا دەستدرێژیکردنە سەر منداڵان بە تاوانێکی گشتی دادەنرێ و پێویستی بە سکاڵاکاری تایبەت نییە، واتە هەر کەس بە بینیی حاڵەتێکی دەستدرێژیکردنە سەر منداڵان بۆی هەیە ڕاپۆرتی بکا و دادستێنیش وەک داواکاری گشتی بەدواداچوون بۆ بابەتەکە بکات. زۆرترین سزای دیاریکراو لەم یاسایەدا ٦ مانگ زیندانیکردن و یەک ملیۆن تمەن سزای نەختییە. هەرچەندە پەسەندکردنی ئەم یاسایە بۆ یارمەتیدانی منداڵانی قوربانیی دەستدرێژیی سێکسی بە هەنگاوێکی گەورە دادەنرا، بەڵام هێشتا کەموکوڕیی گەورەی هەیە. گرینگترین چالنجی ئەم نێوەندە سەبارەت بە کوشتنی منداڵ لە لایەن باوکە. لە مادەی "٢٢٠" لە یاسای سزادانی ئیسلامیدا هاتووە "باوک یان باپیرەی باوکی کە منداڵەکەی دەکوژێ قیساس ناکرێ و بە پێدانی دییە بە کەس و کاری قوربانی و زیندان سزا دەدرێت". ئەم سزایە بە پشتبەستن بە مادەی "٦١٢"ی یاسای سزادانی ئیسلامییە، کە ڕاشکاوانە جەخت دەکاتەوە کە ئەگەر کەسێک سزای قیساس بیگرێتەوە و ئەم حوکمەی بۆ دەرنەکرێ بە پێی لایەنی گشتیی تاوانەکە، سزای سێ بۆ ١٠ ساڵ زیندانی بەسەردا دەسەپێندرێت. قیساسنەکران باوک و باپیرەی باوکی، هەڵدەگەڕێتەوە بۆ هەندێک بۆچوونی فیقهی، کە هەڵبەت ئەمە دایکان ناگرێتەوە. ئەم مادە بووەتە هۆی کەڵکاوەژۆیی هەندێ لە باوکان و لە زۆر حاڵەتدا بووەتە هۆی ئەوەی تاوانبار لە سزای شیاوی خۆی، ڕا بکات.

دوکتور خورەمی بنارەکی، پزیشکی پسپۆڕی مێشک و ئەعساب کەیسێک دەگێڕێتەوە کە تایبەتمەندیی تووندوتیژیی پێکهاتەیی و فەرهەنگی پیاوسالاری لە ناو یاسادا نیشان دەدات. بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە: یاسا چۆن مامەڵە لەگەڵ منداڵێک دەکا کە لە لایەن مەحارمەوە دەستدرێژیی سێکسی دەکرێتە سەری و زکی پڕ دەبێت؟ گێڕانەوەی خاتوو خورەمی بنارەکی وەڵامێکە بۆ ئەم پرسیارە. هەروەها تووندوتیژیی فەرهەنگی ئاماژە بۆ زۆڵبوونی ئەم کۆمەڵە منداڵە دەکات. ئەم تووندوتیژییە نەک هەر لە دەرفەتە کۆمەڵایەتی - ئابووریییەکان بێبەشیان دەکا بەڵکوو لە کۆمەڵگا دوور دەخرێنەوە و لە ژیانی پارێزراویش بێبەش دەبن:

یەکەم دیاردەیەک کە لە ژووری فریاکەوتن بینیم، کچێکی تەمەن ١٤ ساڵ بوو کە بە ئازاری دڵەوە هێنایانە بەر دەستم. کاتێک پشکنینمان بۆ کرد، بینیمان لە سکیدا هەستمان بە گرتکێک کرد. دواتر زانیمان ئەمە نە مێردی هەیە نە دەزگیران. لە دێوە هێنابوویانە فریاکەوتنی شار کەمێک پێمان سەیر بوو ئیتر حاڵەتی مامناوەندیان نییە کچ لە چواردە ساڵاندا دەدەنە شوو یان هەر نایدەن بە شوو. چووین پشکنینی تیشکمان بۆ کرد (سنۆگرافی) وتمان لەوانەیە تۆمۆر بێ، بەڵام بۆمان دەرکەوت کۆرپەلەیە. کچەکە دانیشت و گریا جا چ بە نەهامەتییەک دایکەمان هێنا، تۆمەس ئەم کۆرپەلە لە باوکەیە، دەترسا باوکەکە کۆرپەلە دەربهێنێ و بیفرۆشێت. ئێمەش بە ناوەندە یاساییەکانمان ڕاگەیاند و متمانەمان پێکرد، کچەکە مافی لەباربردنی نییە و باوکیش سەرپەرشتیارە و دەبێ سزا بدرێت. هێشتا خەفەتی ئەو کچە دەخۆم، نازانم کچەکە چی بەسەر هاتووە چونکە لە ژێر چاودێریی ئێمە لایان برد و ئەمە دەردە ئەوەی کە ئێمە وەک پزیشکێک چەندە بێدەسەڵاتین. و خودی یاساکە چەندە سووکایەتیمان پێ دەکات، و ئەو یاسایەی کە کەڵکاوەژۆیی لێ دەکرێ و یاسایەک کە دەستدرێژیکارە ماف دەدا و و نەرم و نیانی هەڵسوکەوت

دەکا نازانم لە چی تێدەگا، دواتر هەر ئەم یاسایە بەو منداڵە دەڵێ منداڵی زۆڵ و حەرامزادە. ئەم منداڵە خۆی لە ڕوانگەی شەریعەتەوە کێشەی دەبێت. یاسا پشتگیری لێ ناکات.

لەم گوتارانەدا ئەوەی شەرعییەت بە پێکهاتەی یاسایی بۆ سزانەدانی دەستدرێژیکاری سێکسی دەدا، ئەو گوتارەیە کە لە سەر بنەمای هەڵاواردنی جێندەری دامەزراوە کە دەرەنجامی زاڵبوونی فەرهەنگی پیاوسالاری بە سەر کۆمەڵگایە. هەروەها گوتاری ئابووری لە ڕێگەی گۆڕینی ئەم سزایە بۆ سزای نەختی لە هاودەستی لەگەڵ ئەم گوتارە فەرهەنگییە، دەبنە هۆی ئەوەی کە گوتاری یاسایی سزاکە هەڵپەسێرێ و کەسی دەستدرێژکار ئازاد بکات. ئەم هەڵپەساردنە دەبێتە هۆی دووبارەبوونەوەی پەیتا پەیتای دەستدرێژیی سێکسی (زینا لەگەڵ مەحارم) چونکە لە ڕوانگەی یاساییەوە و لە ڕێگەی ڕێکاری یاسایی و دادوەرییەوە سیاسەتی ڕێگرانەی بۆ لە بەر چاو نەگیراوە، دەرەنجامی ئەم ڕەوت و پرۆسانە لەدایکبوونی مرۆڤێکە کە لە ڕێگەی هەر هەمان ئەو کۆمەڵگاوە کە بە هۆی گوتارە باڵادەستەکانیەوە بووەتە هۆی سەرهەڵدانی دەستدرێژیی سێکسیی لەگەڵ مەحارم، ناوەنیتکەی شەرعی لە قوربانیی دەستدرێژییە سێکسییەکە دەدا و لەم قۆناغەدا گوتاری ئایینی بە ناوەنیتکەی زۆڵ، فەرمان بە ناشەرعیبوونی دەدا و لەم ڕێگەوە دەیخاتە ناو پێکهاتەیەکی یاسایی کە لە ماف و کەرامەتی مرۆیی بێبەرییە و دامەزراوە کۆمەڵایەتی و ئابووریەکان لە سەر بنەمای فیقهـ و شەریعەت ئامادە نین لە چوارچێوەی سیاسەتی خۆشبژێوی و دابینکردنی کۆمەڵایەتی و ئابووری پشتیوانیی کۆمەڵایەتی و دابینکردنی ئابووری پێشکەش بکەن.

خاتوو کێشاوەرزنیا، دەرچووی بواری توێژینەوەی ژنان و چالاکی بواری ژنان و منداڵان، چەند بابەتی بنەڕەتی لە یاسادا دێنێتە بەر باس کە هۆکاری زیانبەرکەوتنی منداڵانی قوربانیی دەستدرێژیی سێکسییە. پرسی یەکەم پاڵپشتینەکردنی یاسا لە منداڵانی قوربانیی دەستدرێژیی سێکسییە. بەو پێیەی کە منداڵان پشتگیرییەکی ئەوتۆ ناکرێن، ئەزموونی ئازاردانی سێکسییەکە ڕاپۆرت ناکەن و تەنانەت ئەگەر ڕاپۆرتیش بکەن بە هۆی نەبوونی پشتیوانیی یاساییەوە زیاتر لە لایەن خێزانەکەیانەوە دەتارێنرێن کە ئەمەش زەمینە بۆ خەسارهەڵگریی زیاتریان خۆش دەکات. پرسێکی تر لە یاسادا پرسی پیاوسالاریە. لە کۆتاییدا پرسێکی جددی لە یاسادا منداڵهاوسەرییە کە جۆرێکە لە تۆندوتیژیی پێکهاتەیی. بە گوێرەی یاسا، هاوسەرگیری لە خوار تەمەنی ١٥ ساڵ بۆ کوڕان و خوار تەمەنی ١٣ ساڵ بۆ کچ ڕێگەپێدراوە، چونکە لە یاسای ئێراندا هاتووە: "کچ پێش ئەوەی بگاتە تەمەنی ١٣ ساڵی

هەتاوی و کوڕیش پێش ئەوەی بگاتە تەمەنی ١٥ ساڵی هەتاوی، بەستراوەتەوە بە ئیزنی سەرپەرشتیار بە مەرجی لێکدانەوەی دادگای کارامە." بۆیە لە یاسای ئێراندا هیچ تەمەنێکی دیاریکراو بۆ هاوسەرگیری دانەنراوە و کچێکی دە ساڵان یان تەنانەت بچووکتر دەتوانێ هاوسەرگیری بکات. هەروەها بەڵگەکان ئەوە دەردەخەن کە ساڵانە هەزاران کچ لە تەمەنێکی زۆر بچووکدا هاوسەرگیری دەکەن. هەر چەشنە پەیوەندییەکی سێکسی لەم تەمەنەدا جۆرێک دەستدرێژیکردنە سەر منداڵانە.

لە یاسا جیاجیاکانی ئێراندا بۆ ناونانی قۆناغی منداڵی سێ وشەی ساوا، منداڵ و مێرمنداڵ بە کار دەبرێ کە ئەمەش نیشانەی نەبوونی یەکدەنگی لە نێوان یاسادانەرانی ئەم بوارەیە. نەبوونی سنووریکی ڕوون لە نێوان ئەم قۆناغانە (ساوا، منداڵ و مێرمنداڵ) وای کردووە کە لە پرسی دەستدرێژیی سێکسیی زینا لەگەڵ مەحارمدا پرس و کێشەی نوێ و ڕەهەندی تازە دروست ببێت. چونکە دیاردەی منداڵی لە ڕووی سروشت و پێکهاتەوە لەگەڵ دیاردەی مێرمنداڵی فەرقی هەیە و وەک یەک زانینی ئەو دووانە دەبێتە هۆی ئەوەی کە لە پرسی دەستدرێژیی سێکسی لە لایەن مەحارمەوە سیاسەتی مامەڵەکردن وەکوو یەک بێ و جگە لە خەستتربوونی کێشە و دەرکەوتنی ڕەهەندە نوێکانی ئەم دیاردە هیچی دیکەی لێ سەوز نەبێت.

لە ماوەی ئەو ساڵانەی کە ئەزموونم وەدەست هێناوە بۆم دەرکەوتووە کە ئەو یاسایەی ئێستا لە وڵاتدا (ئێران) هەیە پڕە لە کەموکوڕی کە نەک هەر پشتگیری ناکا بەڵکوو لایەنێکی پاریزەریشی بۆ کەسی دەستدرێژیکار هەیە. بۆچوونی ئەوان ئەوەیە کە ئەو یاسایەی کە لە ئێراندا حوکمڕانی دەکا زۆر جێندەرییە، بۆیە باسکردنی یاسا بەتایبەت لە دژی تووندوتیژیی سێکسی، پێویستە بۆ هەمیشە سڕ بکرێ و ڕەنگە قوربانییەکە خۆی زیاتر زیانی پێ بگات [...]. هەروەها دەتوانن ئەم بابەتانە لە دەستدرێژیی سێکسی و قەتڵی ناموسیدا ببینن کە ئەم پرسانە کێشەدارن و لە هەمووی خراپتر هاوسەرگیریی منداڵان و هاوسەرگیری لە تەمەنی کەمە کە بە هیچ شێوەیەک قبووڵکراو و شیاوی تێگەیشتن نییە. دەی ئەمە ڕاستەوخۆ تووندوتیژیی سێکسی و دەستدرێژیی سێکسییە، بەڵام یاسا هێشتا پشتگیری لە دیاردەی سێکسی دەکا و مژارێکی دیکە کە لە یاسای ئێراندا هەیە و پێویستی بە هەموارکردنەوەی زۆرە سەرپەرشتیاریی باوک یان باپیری باوکییە کە ئەمە کەموکوڕییەکی زەبەلاحە. چونکە ئەگەری ئەوە هەیە ئەم دەستدرێژی سێکسییە لە ناو هەمان خێزانی باوکایەتیدا یان لە لایەن خودی باوکەوە ڕوو بدات. چونکە بڕیاردەری ئەم کەسە چ بۆ هاوسەرگیرییەکەی و چ بۆ ئەو کێشانەی کە ڕوو دەدەن، بڕیاردەر یاسا نییە، بەڵکوو باوک و خێزانی باوکییەتی.

خاتوو کێشاوەرزنیا بابەتی جددی لە یاسادا دەستنیشان کردووە، پرسگەلێکی وەکوو نەبوونی پشتیوانی لە کەسی قوربانی، هاوسەرگیریی منداڵ کە جۆرێکە لە تووندوتیژیی سێکسی، پیاوسالاری لە یاسادا و یاسای دیکەی لەو چەشنە پێویستیان بە چاکسازییە. یەکێک لە پرسە یاساییە گرینگەکانی پەیوەست بە کەسانی دەستدرێژیکار، سزادانیانە کە لە یاساشدا سزای تووندی وەکوو سزای سێدارەیان بۆ دیاری کراوە. سزای توند کێشەی جددی لێکەوتۆتەوە. بۆ نموونە لە هەندێک حاڵەتدا دەستدرێژیکار مەحرەم و ئەندامی خانەوادەی منداڵەکەیە، ئەم بابەتە دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەزموونی دەستدرێژیکردنەکە بە هۆی ترسی سزادان ڕاپۆرت نەکرێ لەبەر ئەوەی قوربانی

و دەستدرێژیکارەکە چاک ببنەوە و کێشەکە توندتر دەبێتەوە و لێکەوتە خەساربەخشەکانی زیاتر دەکات. لە هەندێ حاڵەتدا دەستدرێژییەکە بە هۆی کارێکی وروژێنەرانە یان هەڵخلیسکان لە لایەن کەسی دەستدرێژکارە بۆ ئەوەی بە پێی پیلانی پێشوو، دەستدرێژییەکە بکات. هەر بۆیە سزاکە دەتوانێ لێکەوتەی قورسی لێ بکەوێتەوە. هەر بۆیە پێویستە لە بنەڕەتەوە یاساکان لەم بوارەدا گۆڕانیان بە سەردا بێ و لە یاسای سزادانەوە بگۆڕدرێ بۆ یاسایەکی چاکسازی و پاڵپشتی و لە پرۆسەیەکی مرۆییدا، هەلی گەڕانەوەی دەستدرێژیکاران بۆ ناو کۆمەڵگا دابین بکرێت.

خاتوو ماندانی، بەڕێوەبەری (خانە کودک) و (مادر طلوع بی‌نشان‌ها) دیوێکی دیکەی کێشەکە واتە جێبەجێکردنی یاسای وروژاندووە. بەڕێزیان زیاتر ڕوانیویەتییە سەر پرسی کاربەدەستانی جێبەجێکاری یاسا کە نەک هەر یاسا جێبەجێ ناکەن بەڵکوو بەربەستی جۆراوجۆریشیان خستۆتە بەردەم چالاکوانانی بواری منداڵان:

لە سەر کاغەز بەڵێ، بەڵام جێبەجێکردنی خودا دەیزانێ کاتێک بە دواداچوونی بۆ دەکەین یەکەم جار تیرێک ئاراستەی دامەزراوەکەمان دەکەن کە بۆچی بەدواداچوونی بۆ دەکەن بۆچی پرسەکە ڕوون دەکەنەوە لە ئێراندا بە هیچ شێوەیەک شتی وا نییە.

نەبوونی یاسایەکی دیاریکراو و نەبوونی دامەزراوەی پشتیوانی لە قوربانیانی دەستدرێژیی سێکسی بۆتە هۆی ئەوەی کە نەک هەر پشتگیری نەکرێن، بەڵکوو ئەگەر دەستدرێژییەکە ئاشکرا بکرێ لە لایەن خێزانەوە دەتارێنرێن. کێشەی بنەماڵەی باوکسالار، شەرەف و کەرامەتە بۆیە وایان پێی باشترە میکانیزمی بێدەنگی و یان شێوازی دیکەی ئازاردان بگرنە بەر وەکوو هاوسەرگیریی منداڵان و هاوسەرگیریی زۆرەملێ و یان بە زیانی دیکەی وەکوو خۆفرۆشتن، ڕاکردن لە ماڵەوە، ئالوودەبوون و هتد تێوەبگلێن.

کۆمەڵگای ئێران بە هۆی نەبوونی پێکهاتەی یاسایی و مەدەنیی کارامە و هەروەها نەبوونی سیستەمی پشتیوانی، لە ڕێگەی نکۆڵی کردن لە مەسەلەی دەستدرێژیی سێکسیی لە لایەن مەحارمەوە نەک هەر نەیتوانیوە لە ڕێگەی گەڕاندنەوەی کەسی دەستدرێژیکراو بۆ ناو کۆمەڵگا ڕێگری لەم خەسارەتە بکا بەڵکوو بووەتە هۆی زۆربوون و تونڈتربوونەوەی خەسارەت و پرسە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە. بنەماڵە و کۆمەڵگای ئێرانی هەر دووکیان بەرامبەر بە دەستدرێژیی سێکسی لە لایەن مەحارمەوە میکانیزمێکی هاوبەشیان هەیە و ئەویش ئەوەیە کە لە ڕێگەی سەروەریی یاسا و هەژموونیی فەرهەنگەوە لە هەموو بارودۆخەکان و هەموو چینە کۆمەڵایەتییەکاندا میکانیزمی نکۆڵی دەگرنە بەر.

٦-کۆتایی

لە ئێرانی ئێستادا، کێشەی دەستدرێژیی سێکسی وەک کردەوە، دیاردە یان واقیعێک لە لایەن بنەماڵە، کۆمەڵگا و یاساوە درکی پێناکرێ مەگەر ئەوەی لە ڕەهەندە هەمەچەشن و فرەچەشنەکانی قووڵ ببینەوە. هەروەها زاڵبوونی گوتاری ئەخلاقی و عورفی وەها پانتای پەیوەندییە سێکسییە زاڵ و باڵادەستەکانی بەرتەسک کردووەتەوە کە لێکدانەوەی لۆژیکی و بەڵگەدارانەی دیاردەی دەستدرێژیی سێکسی و ڕەهەندەکانی هەر وا بە ئاسانی مەیسەر نابێت. لە هەر گوتارێکی سیاسی – چینایەتیدا، ڕێسا ئەخلاقییەکان بە شێوەی زەینی و بە بێ ئەوەی پەیوەندییان لەگەڵ پێداویستییە بینراوییەکانی یەک بە یەکی تاکەکانی خەڵکدا هەبێ، بە پێی مانەوە و پاساوی ئەو پێکهاتە بەرهەم دەهێنرێتەوە و بە باش دەزانرێت. ئەم گوتارە ئەخلاقییە زاڵە، دەستدرێژیی سێکسی وەک بێناموسی و بێئابڕوویی لە قەڵەم دەدا و وەک تاوانبار و گوناهبار سەیری کەسی دەستدرێژیکراو دەکا و دواجار شەرعییەت بە تاراندن و سەرکۆنەکردن و سزادانی کەسی دەستدرێژیکراو دەدات. بەشێک لە نهێنیپارێزیی کەسی دەستدرێژیکراو هەڵدەگەڕێتەوە بۆ بیر و باوەڕی خانەوادە و بەشێکی دەچێتەوە سەر کارلێکی مەسڵەحەتییانەی بنەماڵە. ئەو بیر و باوەڕەی بنەماڵە کە ناهێڵێ دەستدرێژیی سێکسی لە لایەن کەسانی دەستدرێژیکراو ئاشکرا بکرێ بریتییە لە وتەزای ئابڕوو، قەزاوەت لە سەرکردن، سەرزەنشتکران و ... و کارلێکە مەسڵەحەتییەکانیش بریتین لە نکۆڵیکردن و قبووڵنەکردن، سزادان و تەمبێکردن، تاراندن و هەڕەشەلێکردن، سووکایەتی، گاڵتەپێکردن، جەنگ و شەڕ و گرژی و ... .

لە لایەکی دیکەشەوە ئەو گوتارە یاساییەی کە لە کۆمەڵگای ئێراندا پشتبەستوو بە گوتاری ئایینییە هیچ جیاوازی و سنووڕێکی لە نێوان دەستدرێژیی سێکسی و زینا لە بەر چاو نەگرتووە و ئەم دوو چەمکە لە ڕووی ماناوە بە هاوواتای یەکتر بە کار دەبرێن و هەڵبەت دەستدرێژیی سێکسی لە ژێر ناوی زینا لەگەڵ مەحارم سزا دەدرێت. هەر بۆیە بیر و باوەڕ و یاسای کۆنەپەرستانەی ئیسلامی کە لە یاساکانی ئێستای ئێراندا چەسپاوە ناهێڵێ دەستدرێژیی سێکسی ئاشکرا بکرێت.

یەکێکی دیکە لە پرسە بنەڕەتییەکانی ناو یاسای ئێران، تەمەنی منداڵی و ئەو چەمکانەیە کە لە یاسادا سەبارەت بەم قۆناغە بوونیان هەیە. هەروەها دیاریکردنی یاسای پێشکەوتوو و پاڵپشتانە لە منداڵانی دەستدرێژیکراویش زۆر پێویستە، بەڵام بەس نییە. یاسا با پێشکەوتوو و پاڵپشتانەش بێ ئەگەر بۆ جێبەجێکردنی بیر لە میکانیزمی کاریگەر نەکرێتەوە، ئەوا وەکوو زۆرێک لە یاساکانی تر تەنها وەک بەڵگەنامەیەک دەمێنێتەوە. دەزگا جێبەجێکارەکانی یاسای پشتیوانی لە منداڵان و مێرمنداڵان لە ئێران بریتین لە: دەزگای داد، بێهزیستی (چاکژیانەوە) و هێزەکانی پۆلیس کە دەستوەردان و بەریەککەوتنی ئەرکەکانیان یەکێکی دیکە لە کۆسپەکانی بەردەم بەرەنگاربوونەوەی ئەم مەسەلەیە. هەرچەندە لەم ساڵانەی دواییدا فریاکەوتنی کۆمەڵایەتی وەک یەکێک لە داموددەزگاکانی پاڵپشتی لە

منداڵان به شێوەیەکی بەرچاو فراوانتر بووە، بەڵام ئەم ڕێکخراوەش ڕووبەڕووی پرسی جددی دەبێتەوە. یەکێک لەم پرسانە، گیر و گرفتی دابینکردنی داراییە بە جۆرێک کە ڕەنگە کارمەندەکانی بۆ ماوەی چەند مانگ مووچە وەرنەگرن یان لە ڕووی ئیمکانیاتی سەرەتایی وەکوو ئیمکانیاتی شوێنی مانەوەی منداڵ ڕووبەڕووی چەندین کێشە دەبێتەوە، لە زۆر حاڵەتدا منداڵانی دەستدرێژیکراو ڕادەستی بنەماڵەکانیان دەکرێنەوە کە لە لایەن ئەوانەوە دەستدرێژیی سێکسی کراوەتە سەریان. کە ئەمەش زەمینەخۆشکەری دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر ئەو منداڵانەیە.

جۆرێکی تری دەستدرێژیی سێکسی کە لە چوارچێوەی منداڵهاوسەریدا ڕوو دەدا؛ ڕەهەندی پێکهاتەیی هەیە و لە چوارچێوەی خزمایەتییە. ئەم خەسارەتە بەو پێیەی کە ڕەهەندێکی پێکهاتەیی هەیە هەندێ لە کچان ناچارن بە هۆی نەریت و هەژاری و یاسای شەرعی مل بەم هاوسەرگیرییە بدەن. بە واتایەکی دیکە ئەم جۆرە دەستدرێژییە سێکسییە لە ناو بەستێنی یاسا و نەریتدا مەشرووعییەتی پێ دەدرێت.

پرسێکی گرینگی دیکە ئەو بەستێنە کۆمەڵایەتی و ئابووریەی ناو کۆمەڵگایە کە یاساکانی تێدا جێبەجێ دەکرێت. ئەگەر ئەم بەستێنانە بوونیان نەبێ یاسا هەر وا بە تەنیایی ناتوانێ ئەو کارامەییە کاریگەرەی هەبێت. لە ئێراندا ئەم بەستێنانە نەڕەخسێنراون. بۆ وێنە ئێمە شاهیدی هەژاری، نایەکسانی، دارمان یان لاوازبوونی دامەزراوەگەلی وەکوو بنەماڵە، کەمبوونەوەی سەرمایەی کۆمەڵایەتیی نەریتی و بیچمنەگرتنی سەرمایەی کۆمەڵایەتیی نوێ، کۆبوونەوەی تایبەتمەندییە پێکهاتەییە نەخوازراوەکان لە ناو گەڕەکەکاندا وەکوو هەژاری، ناسەقامگیریی شوێنی نیشتەجێبوون و شتی دیکەین. ئەم تایبەتمەندیانە زەمینە بۆ خەسارەتە کۆمەڵایەتییە بەرفراوانەکان لەوانەش دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر منداڵان دەڕەخسێنێن. لە وەها بەستێنێکدا یاسا ئەگەر پێشەنگیش بێ ئەو کاریگەرییە ئەرێنییەی نابێت.

لە ڕەهەندە پێکهاتەیی و تاکەکەسیدا ڕۆڵی "دەسەڵات" لە ملکەچکردندا گرینگە. دەستدرێژیکاران بە زەبری ملهوڕی، زەبر و زەنگ و دەسەڵات و توندتیژی و حەڕەشەکردن ناهێڵن دەستدرێژیکراو ڕووداوی دەستدرێژییەکە بدرکێنێت. ئەم فاکتەرە وێڕای بە تاوانبار پیشاندانی کەسی دەستدرێژیکراو، ڕووداوی دەستدرێژییە سێکسییەکە دەشارێتەوە و ئەمەش وا دەکا کە ئەم دەستدرێژییە سێکسییە بەردەوام بێت. بەو پێیەی کە دەستدرێژیکراو بە تاوانبار سەیر دەکرێ و خودی قوربانیش هەر بەو چاوە لە خۆی دەڕوانێ، بەستێنێکی لەبار دەروست دەبێ بۆ ئەوەی کەسی دەستدرێژیکار بتوانێ بە هێزی جەستە و ملهوڕی و کاریگەریی خۆی لە بەردەوام دەستدرێژیی سێکسی بکات.

٧- ڕێکارە پێشنیارییەکان

ئەنجامی داتای دیمانەکان ئەو پرسە جددیانەی ناو یاسامان وەبیر دەخاتەوە، مژارگەلی وەکوو پشتیوانی لە کەسانی دەستدرێژیکراو، هاوسەرگیریی منداڵان کە جۆرێکە لە تووندوتیژییە سێکسی، باڵادەستیی ڕوانگەی پیاوسالاری لە ناو یاسادا و ... ئەم جۆرە مژارانە پێویستە لە یاسادا هەموار بکرێنەوە. یەکێک لە پرسە یاساییە گرینگەکانی پەیوەست بە کەسانی دەستدرێژیکار ئەوەیە کە سزای تووندی وەکوو سزای سێدارەیان بۆ دیاری بکرێت؛ لەو حاڵەتانەی کە دەستدرێژیکار کەسی مەحرەمە و ئەندامی خێزانی منداڵێکەیە، ئەم بابەتە وا دەکا کە دەستدرێژیکراو بە هۆی ترسی سزادانی ئەندامی خێزانەکەی ڕووداوی دەستدرێژییەکە نەدرکێنێ، لە ئەنجامدا ئێمە شاهیدی زیاتربوونی ڕێژەی دەستدێرێژیی سێکسی و لێکەوتە خەساربەخشەکانی دەبین. هەر بۆیە بە مەبەستی ڕێگریی یاسایی لە دیاردەی دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر منداڵان لە ناو خێزاندا ئاماژە بە هەندێک لەو مژارانە دەکەین کە لە سەر ئاستی کەڵان و پێکهاتەیی، مامناوەند و دامەزراوەیی، ورد و تاکەکەسین:

- هەموارکردنەوەی یاسا و جێبەجێکردنی کاریگەرانەیان: وڵاتی ئێران یاسایەکی دیاریکراوی لە پەیوەندی لەگەڵ دەستدرێژیی سێکسی نییە و هەروەها بڕگەکانی یاساش پێکەوە ناکۆکن. بۆچوونی بەشداربووان سەبارەت بە یاسا زیاتر لە سەر بابەتگەلێکی وەکوو نەبوونی پشتیوانیی یاسایی، جێبەجێنەبوونی بڕگەکان، و پێگەی پیاوسالاری لە ناو یاساکانی ئێراندا چڕ بۆتەوە. هەر بۆیە پێویستە یاسایەکی کارا لەم بوارەدا دابڕێژرێ بۆ ئەوەی بتوانێ هەم پاڵپشتی لە کەسانی دەستدرێژیکراو بکا و هەمیش هەڵی گەڕانەوەی کەسانی دەستدرێژیکراو بۆ ناو کۆمەڵگا دابین بکات. پێویستە ئەم یاسایانە لە سەر بنەمای دۆزینەوە زانستییەکان و داب‌ونەریتی کۆمەڵگا و ئەزموونی وڵاتانی پێشەنگ لەم بوارەدا دابمەزرێنرێن. بەشداریی کاریگەرانەی پسپۆڕان و چالاکوانانی بواری منداڵان خاڵێکی گرینگی دیکەی دارشتنی یاساکانە. هەروەها پێویستە ڕوانگەی تەمبێکردن لە یاساکاندا بگۆڕدرێ و ببێ بە ڕوانگەی چاکسازی و قەرەبووکردنەوە. دەرکردنی یاساکان بە تەنها بەس نییە، پێویستە بە مەبەستی جێبەجێکردنی شیاوی یاساکان میکانیزم کارامە ئامادە و جێبەجێ بکرێت. بوونی ناوەندی گونجاو بۆ بەڕێوەبردنی پەیوەندی، نۆرم و هۆگرییە کۆمەڵایەتییە کارامەکان، فراوانکردنی هاودڵی و ئەویتریخوازی، سزادانی ئاشکرا و یەکسان، تێگەیشتن لەو ئاستەنگانەی کە ژیانی بایۆلۆژی و تەکنەلۆژیا بە سەرماندا سەپاندوویانە هەر هەموو ئەمانە ڕەواندنەوەی تەنگژە کۆمەڵایەتییەکان کۆمەکمان دەکەن و لێکدژیی بەرژەوەندییەکان چارەسەر دەکەن یان ئەنجامی کۆمەڵایەتیی دڵخواز لە ناو پەیوەندییەکانی خەڵکدا دابین دەکەن.

- زیادکردنی تەمەنی هاوسەرگیریی منداڵان: لە ئێراندا سەرەڕای فراوانیی ڕێژەی هاوسەرگیریی پێشوەختە، دابونەریتی کۆمەڵگا دژیەتی، سەرەڕای ئەوەی هەڵکشاندنی تەمەنی هاوسەرگیری لە کارنامەی کاری مەجلیسی شۆڕای ئیسلامیی ئێراندا پەسەند کرا بەڵام لە ژێر زەخت و فشاری هێزە دژبەرەکان هەڵوەشاوە.

- ڕاهێنان بکرێ و پلان دابنرێ بۆ ئەوەی ڕەگ و ڕیشەی فەرهەنگی پیاوسالاری بنەبڕ بکرێ و ئاستەنگەکانی بەردەم یەکسانیی یاسایی ژنان و منداڵان لا ببرێ و بە دەستنیشانکردن و ڕاهێنان کۆمەڵگا فێری ڕەتکردنەوەی ئەو بەها نامرۆییانە بکەن کە باڵیان بە سەر کۆمەڵگەی پیاوسالاردا کێشاوە.

- لە ڕێگەی دامودەزگا مەدەنییەکانەوە فشار بخرێتە سەر دامودەزگا جێبەجێکار و دادوەرییەکان بۆ ئەوەی بڕگەکانی بەڵگەنامەی ۲۰۳۰ جێبەجێ بکرێت.

- بە پەلە پێداچونەوە بە یاساکانی پەیوەست بە منداڵان و دەستدرێژیی سێکسی و تووندوتیژی بەرامبەر بە منداڵان بکرێت.

- لە ڕێگەی فشاری کۆمەڵگەی مەدەنی لە سەر یاسادانەران و جێبەجێکاران هەوڵ بدرێ کە مەودای نێوان یاسا فیقهی و ئیسلامییەکان لەگەڵ یاساکانی کۆنوانسیۆنی مافەکانی منداڵ کەم بکرێتەوە.

- بە نیازی دەستنیشانکردن و هاوکاریکردنی منداڵانی دەستدرێژیکراو لە نێوان ناوەندی قوتابخانە، یاسا، کەرتی پزیشکی و یاریدەدەریی کۆمەڵایەتی هاواهەنگیی ئۆرگانیکیی کاریگەر ساز ببێ و بەرنامەی پەروەردەیی ئامادە بکرێ بەڵام دەبێ مەرجی نهێنیپارێزی مسۆگەر و ئاسایشی ئەم کەسانە دەستەبەر بکرێت؛

- نووسینگەی یاریدەدەری پسپۆڕی لە یاسای داد بەهێز بکرێ و لە قوتابخانە و فریاکەوتنە پزیشکی و کۆمەڵایەتی و گەڕەکەکانی سەر ئاستی شار و دێهات نووسینگەی یاریدەدەری دابنرێت؛

- لە دەزگای دادوەری ئەنجوومەنی داکۆکی لە مافەکانی منداڵان دابمەزرێنرێ و ئەندامەکانی ئەم ئەنجومەنە لە پسپۆڕانی دەروونناسی، کۆمەڵناسی، ڕەفتارناسی و یاسا پێک بێت؛

- بۆ ئەوەی لە ناو چوارچێوەی خێزاندا دادخوازی لە سەر دۆسیەی دەستدرێژی سێکسی بکرێ پێویستە پارێزەرە پسپۆڕەکان ڕاهێنانیان پێ بکرێت؛

- بە دروستکردنی کەمپەین و ڕێکخراوی نارەزایەتی هەوڵ بۆ خێرا بەسکۆلاریزمکردنی یاسا مەدەنییەکان بدرێ و لە ڕێگەی ئەو گروپە دەسەڵاتدارانەی کە متمانەپێکراوی خەڵکن و هەروەها لە ڕێگەی فشارە نێودەوڵەتییەکانەوە داواکارییەکان پێشکەش بکرێن؛

- تاکەکان فێر بکرێن کە دژی بێدەسەڵاتیی منداڵان و ئاراستە سیستماتیکی مرۆڤسڕینەوەی دەسەڵات و یاسا بووەستنەوە کە باوک بە سەرپەرشتیار و منداڵ بە ملکەجی فەرمانی خاوەنەکەی دەزانێت.

- قۆناغبەندیی نێوان قۆناغەکانی کۆرپە و ساوا و منداڵ و مێرمنداڵ ڕوون بکرێتەوە، ڕخنە لە ئاراستە جێندەرییەکانی ناو گوتارە یاساییەکان بگیرێ و تێکهەڵکێشبوونی ئاراستەی جێندەری لەگەڵ گوتاری فیقهی و خەسارناسی ڕێکخراوە جێبەجێکارەکانی چارەسەر بکرێت.

- ئاستی هۆشیاریی منداڵان و دایکان و باوکان سەبارەت بە مافی منداڵان بەرز بکرێتەوە و لە ڕێگەی ڕاگەیاندنە گشتییەکان و ناوەندەکانی زانیارییەوە بەردەوام ڕۆشنگەریی پێشکەشی جەماوەری خەڵک بکرێت.

سەرچاوە کوردییەکان:

ئەحمەدی، کامیل و هاوکاران (۲۰۲۳). تابۆ و نهێنیپارێزی: توێژینەوەیەک سەبارەت بە دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر منداڵان بە جەختکردنەوە لە سەر زینا لەگەڵ مەحارم لە وڵاتی ئێران. دانیمارک: ئاڤای بووف.

سەرچاوە فارسییەکان:

استراس، انسلم و کربین، جولیت (۱۳۹۳). اصول روش تحقیق کیفی: نظریه مبنایی، رویه‌ها و شیوه‌ها. ترجمه بیوک محمدی. تهران: پژوهشگاه علوم انسانی و مطالعات فرهنگی.

ایروانیان، امیر (۱۳۸۹). بازآسیب‌دیدگی قربانیان جنسی در بستر پاسخهای اجتماع و نظام عدالت کیفری. پژوهش حقوق. ۱۲ (۲۹): ۱-۲۴.

زارعی، محمد حسین (۱۳۹٦) مطالعه تطبیقی حمایت از حریم خصوصی در فضای مجازی با تاکید بر مقررات جدید اتحادیه اروپا ارائه شده در همایش بین المللی جنبه‌های حقوقی فناوری مطالعات و ارتباطات.

مالجو، محسن (۱۳۸۹). تجاوز به محارم: زمینه‌ها، استراتژی‌های متجاوز و واکنشهای بزه‌دیده. رفاه اجتماعی. ۹ (۳۴): ۱۱۳-۸۳.

منصور، جهانگیر (۱۴۰۰) قانون مجازات اسلامی ۱۴۰۰. نشر دیدآور.

Brown, J. M., & Walklate, S. L. (Eds). (2011). Handbook on sexual violence. Routledge.

Brown, Jennifer. (2011). Psychological perspectives on sexual violence: generating a general theory. In B, Jennifer and Walklate S L. Handbook on Sexual Violence. Routledge.

Edleson, J.L. (1999), Children's Witnessing of Adult Domestic Violence, Journal of Interpersonal Violence, 14 (8): 839-870.

Grubb, A., & Turner, E. (2012). Attribution of blame in rape cases: A review of the impact of rape myth acceptance, gender role conformity and substance use on victim blaming. Aggression and violent behavior, 17(5), 443-452.

Siegel, L. (2015). Criminology: Theories, patterns, and typologies. Nelson Education.

سایت‌ها

آسیب‌شناسی قانون مجازات اسلامی مصوب ۱۳۹۲

پرتال سازمان جهانی بهداشت

پرتال رویه آنالین

https://judpub.ir/product/101225/

http://qavanin.ir/